# سەرۆکی پارتی ژینگەش پشتگیری لە کەمپینی چاک سوید دەکات



لەدرێژەی پشتگیری کردن بۆ ناساندنی ئەنفال بەتاوانی جینۆسایدا کە ڕێکخراوی چاک وەک سەرەتایەک لە مێژوی کوردا لە وڵاتی سوید ئەنجامیدا و تا ئێستاش توانیویەتی سەرکەوتوانە پاڵپشتی چەندین سیاسەتمەدارو کەسایەتی ناسراوی سویدی بەدەست بهێنێ .

یەکێک لەمانە Peter Eriksson کەلەگەل Maria Wetterstrand بەیەکەوە پلەی یەکەمی ئەو پارتەیان هەیە. کە لەرۆژی 12/21 /2006 لەئمێلێکی تایبەتدا بۆ چاک سوید پاڵپشتی خۆی بۆ ئەم کەمپینە ی ئێمە ڕاگەیاندوە .

دەبێت ئەوەش بڵێین لە پالپشتی کردنی ناساندنی تاوان بەجینۆسایدا پارتی چەپی سویدی بەگشتی پشتگیریان کردوین کە ژمارەی ئەندام پەرلەمانەکانیان 22 ئەندامە، لەدوای ئەوان پارتی ژینگە دێت کە تائیستا 10 ئەندام پەڕلەمانیان ئیمزای کردوە لەکۆی 19 ئەندامیان کە لەنێویاندا جگە لە پیتەر ئەریکسۆن ، هەریەک لە سەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمانیان میکائیل یوهانسۆن و بۆدیل کەبەلۆسی تیایە کە ڕێکخەری ئەندام پەرلەمانەکانیانەو ئەندامی یەدەگی یەکێتی ئەورپایە.

وە بەپێ ی ئەو گفتگۆیانەی ئێمە لەگەل پارتی ژینگە کردومانە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت خودی ئەو پارتەش تاوانی ئەنفال بەجینۆسایدا بناسێنێت.

چاک سوید

2006/12/25